مەحمود محەمەد بۆ لڤین

# ئێمە پەکەکەمان نەپاراستووە، بەڵام هەندێك پەیوەندی هەیە به هچ حیزبێك ناتوانرێت بپچڕێنرێت

دیداری ئیبراهیم عەلی و هەلگورد سەمەد
هەولێر

**● بۆ قسەکردن لەبارەی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ ئێران، بەتایبەت لەدوای گرتنی چەند ئێرانییەك لە شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوەو هەڵسەنگاندنی ڕەوشی راگەیاندنی پارتی لە قۆناغی ئێستادا، لڤین دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز (مەحمود محەمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد.**



**لڤین: ماوەیەکە تورکیا بەئاشکرا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، یەکێک لە ئەگەرەکانیش ئەوەیە کە تورکیا هەڕەشەکانی خۆی جێبەجێبکات ئەو ئەکاتە هەڵویستی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد چی دەبێت؟**

**مەحمود محەمەد:** هەڵوێست زۆر روونە، ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم گوتی کە بەرەنگاری هەر هێرشێك دەبینەوە لە کاتی خۆیدا وەکو پێویست، نەك هەر حکومەت یا حزب بگرە جەماوەریش لەو بەرەنگاربونەوەیە درێغی ناکات.

**لڤین: لە ڕووی دبلۆماسییەوە کورد شەرمی هەیەو سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا بکاتەوە؟**

**مەحمود محەمەد:** هیچ لەو دەوڵەتانەی دەورووبەر ئیعترافیان بەو واقیعە نەکردووە کە لە کوردستانی عێراق هەیە، وەکو دەوڵەتانی ئەورووپی. ئەو مەکتەبانەی کە لەو دەوڵەتانە هەیە هەمووی مەکتەبی حزبین. هەوڵێکی زۆر دراوە کە ئەو وڵاتانەش وەکو وڵاتانی ئەورووپی دان بە واقیعی کوردستان بنێن، بەڵام بەداخەوە لە بابەتەدا بڕیاردەر ئێمە نین تا ئەو پەیوەندییە دروست ببێت، نەك هەر هەنگاومان ناوە، بەڵکو زۆریش بەپەرۆش بووین بۆ ئەو پەیوەندییە.

**لڤین: هەمیشە کوردستانی باشوور بەوە تاوانباردەکرێت کە داڵدەی پەکەکە دەدات، بەتایبەت بە بوونی کامپێک لە مەخمورو بوونیان لە قەندیل لەسەر ئەم بابەتە چەندە گفتوگۆ کراوە لەگەڵ تورکیا؟**

**مەحمود محەمەد:** کەمپی مەخمور کەمپی پەکەکە نییە، بەڵکو هی هەندێك خەڵکی ئاوارەیە کە پەنایان هێناوە بۆ کوردستانی عێراق، لە رووی دەسەڵاتیشەوە ئەو کەمپە سەر بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم نییە. لە بەرامبەر ئەوەشدا کە زۆرجار دەگوترێت کە ئێمە پەکەکەمان پاراستبێت دەبێت هەموو ئەوە بزانین کە ئێمە کوردین جا لە هەر شوێنێك بین، هەندێك پەیوەندیی هەیە، بە هیچ حزبێك ناکرێت ئەو پەیوەندییانە بپچڕێنرێت، ئێمە پشتگیری لە مافە رەواکانی گەلی کوردمان دەکەین لە هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان.

**لڤین: لە زۆربەی وڵاتان پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی سەیردەکرێت، لە لێدوانێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش گوتویەتی کە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی سەیری پەکەکە دەکەین، تێڕوانینی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ پەکەکە چییە؟**

**مەحمود محەمەد:** ئێمە ناوو ناتۆرە بۆ هیچ حزبێك دانانێین، ئێمە زیاتر پەیوەندییمان بە مەسەلەی کوردی کوردستانی باکوورەوە هەیە نەك پەکەکە. ئەوەندەی ئێمە زەرەرمان کردووە لە پەکەکە، خەڵکی تر لە پەکەکە زەرەری نەکردووە، ئەگەر لاپەڕەکان هەڵدەینەوە لەوانەیە لاپەڕەی ناخۆش ببینین. لەگەڵ هەموو ئەوانە دەبێت بزانین کێشەیەك هەیە بەناوی کێشەی کورد، دەبێت ئەم کێشەیەش چارەسەربکرێت.

**لڤین: بەم دواییە پەرلەمانی تورکیا چەند دانیشتنێکی بەنهێنیی ئەنجامدا لەبارەی کەرکوک، لەم دواییەش وەزیری دەرەوەی تورکیا لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا، هەستناکەن بەنهێنیی ڕێککەوتنێک هەبێت بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140؟**

**مەحمود محەمەد:** هەر ڕێککەوتنێك بکرێت رەچاوی بەرژەوەندیی کوردستان بەتایبەتو عێراق بەگشتی لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا سەرکەوتن بەدەستناهێنێت. لە راگەیاندنەکانیش بڵاوکرایەوە کە خاتوو رایس گوتی ئێمە ئاگاداری تورکیامان

کردووەتەوە کە تەدەخولکردن لە کارەکانی کوردستانی عێراق کارێکی باش نییە.

**ڤین: لەم دواییە ئەمریکا لە قونسوڵیەی ئێران چەند کەسێکی گرت، گوایە یەکێک لەو کەسانە دەستی لە تیرۆرکردنی قاسملوو هەبووەو رۆژی پێشتریش لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبوونەتەوە، ئێمە بۆ دەبێت لەگەڵ کەس دانیشین؟**

**مەحمود محەمەد:** من نازانم ئەوانەی گیراون کێن‌و سیفەتیان چییە، مەسەلەی ئەوەش کە ئەوانە بکوژی شەهید قاسملوو بن باوەڕناکەم کە ئەمە زۆر بەباشی روون بووبێتەوە، سەرۆکی هەرێمی وەکو مەسەلەیەکی دیبلۆماسی پێشوازی لەمانە دەکات لە عورفی عیلاقاتیش وایە ئەوان خۆیان ئەو کەسە دیاریدەکەن، جا ئەو کەسە رابردووی چی بێت ئەوە شتێکی ترە، تەنها ئەوەندە دەکرێت کە کەسێك دەستی هەبووبێت لە تاوانێك، دەبێت ئەم وڵاتە نەیکات بە نوێنەری خۆی.

**ڤین: گرتنی ئەو کەسانە بەم شێوازە لەلایەن ئەمریکا تەدەخول نییە لە کاری کوردستان؟**

**مەحمود محەمەد:** ئەسڵەن کارێکی نارەوایان کردووە، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە سەروەری کوردستانەوە هەبوو، باوەڕم وایە خۆشیان هەستیان بەم هەڵەیە کردبێت، رەنگە باسیشیان کردبێت لەوەی کە دەکرا بەشێوازێکی تر ئەم کارە بکەن.

**ڤین: هەستناکەن ئەمریکا ئەمەی بۆ ئەوە کردووە کە بە دەسەڵاتی کوردی بڵێت، من لێرەش حاکمی یەکەمم‌و هەر کارێک بمەوێت لە هەر کاتێک دەیکەم؟**

**مەحمود محەمەد:** ئێمە نکوڵی ئەوە ناکەین کە ئەمریکا حاکمە، کوردیش باسی ئەوەی نەکردووە، ئەمریکا لە زۆر شت خۆی بریاردەری یەکەمە، بەڵام ئێمە کارێکی وامان نەکردووە تا بێت ئیسپاتی بکات کە ئەو حاکمی یەکەمە.

**ڤین: ئێوە پێشتر لە ئەنجامدانی ئەم کارە ئاگادارکرابوونەوە؟**

**مەحمود محەمەد:** تا هەڵی کۆپتەرەکان نەنیشتبوونەوەو هێرشەکە دەستیپێنەکردبوو، ئێمە نەمانزانی، نەك پێمان نەزانی، بەڵکو زۆریشمان پێناخۆش بوو.

**ڤین: رۆیشتنی کوردەکانی ناو سوپای عێراق بۆ بەغدا، هەستناکەیت کە ئەمانە تووشی رووبەڕووبوونەوەی رەگەزی دەکرێنەوە؟**

**مەحمود محەمەد:** دەبێت ئەوەی دەبێتە سەرباز ئەوە بزانێت کە ئەم کارە شەهیدبوونیشی تێدایە، بەڵام دەبێت عەرەبی عێراق ئەوە بزانێت کە چۆن پێیان خۆشە ئێمە بەغدا بە پایتەختی خۆمان بزانین، دەبێت ئاواش پێیخۆش بێت کە کورد بچێتە بەغدا، چونکە ئێمە هاوبەشی دەسەڵاتین، هاوبەشبوونی دەسەڵاتیش هەر ئەوە نییە کە چەند وەزیرێکت هەبێت، بەڵکو ئێمە دەبێت لە هەموو شتەکانیش هاوبەش بین، بەڵێ راستە رەنگە هەندێك عەرەبی شۆڤێنی هەبێت کە سوود لەو چوونەی ئەوان وەربگرێت، بەڵام دەبێت ئێمەش ئەوە بزانین لەبەرئەوەی هاوبەش دەسەڵاتین، دەبێت هەندێك ئەرکمان بکەوێتە ئەستۆ.

**ڤین: لەناو پارتیدا هێڵی گشتی دیارنییە وەکو حزبەکانی تری کوردستان؟**

**مەحمود محەمەد:** هێڵی گشتی ئێمە نەتەوەییە، لە یەکەم رۆژی دروستبوونی پارتییەوە ئەمە دیارە کە لەپێناو کێشە نەتەوایەتییەکان دروستبووە.

**ڤین: کاتێک باڵی مەکتەبی سیاسیی لە پارتی جیابوویەوە، ئەوان بارزانییان بە کەسێکی عەشایەر لەقەڵەمداو بە کەسێکی ئاینییان وەسفکرد؟**

**مەحمود محەمەد:** تەعریف بۆ عەشایەری چی بێت، کەسێك لە ئەکەدیمیایەکی وڵاتێکی سۆشیالیستی خوێندبێتی، کەسێك کە لە پرۆسەی شۆڕشگێڕی‌و بنیادنانی کۆماری مەهاباد بەشداریکردبێت، کەسێك کە هەوڵیدابێت بەشداری لە کێشەکانی رۆڵەکانی کورد بکات لە باکووری کوردستان کردبێت دەبێت لێرە تەعریف بۆ عەشایەری چی بێت، ئەمە پتر نەتەوەییە یا عەشایەرێکی بەرتەسکە، دەبێت خەڵکی خوێندەوار ئەمە لەیەك جیابکاتەوە، ئەمە بەهانەیەك بووە، چونکە بەڕای من شتی تر هەبووە جگە لەمانە.

**ڤین: هەندێک خەڵک پێیوایە هاتنی چەپەکان بۆ ناو پارتی زیاتر هاتنێک بوو لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات؟**

**مەحمود محەمەد:** ئەمانە هەموویان لە حزبی شیوعی بوون، لەوێ نەیاندەتوانی بڕەو بە فکرەی نەتەوایەتییان بدەن، هاتنە ناو پارتیش بۆ ئەوە بوو کە ئەوان خزمەتی گەورەبکەن، چونکە چەندە لە شوێنێکی گەورەبیت ئەوەندە زیاتر خزمەتی گەورەتردەکرێت، من وای لێکدەدەمەوە.

**ڤین: بینینی ئەوان بۆ پارتی وابووە کە پارتی بۆشاییەکی رۆشنبیری هەیە، بۆیەش هاتوونەتە ناو پارتی تا زیاتر رۆڵ ببینن؟**

**مەحمود محەمەد:** هەندێك لەو برادەرانە پێشتر پارتی بوون، ئینجا بوون بە حزبی شیوعی، بەشێکی ئەوانە لە سەرکردایەتیی کاتی بەشدار بوون، ئەوانە پارتی بوون دوایی دابڕاون، هەندێکیشیان بە ئەسڵ کەسوکاریشیان پارتی بوون، دوایی دابڕاون‌و چوونەتە ناو حزبی شیوعی.

دەبێ وا لێکبدرێتەوە ئەگەر پارتی لە رووی ئیعلامییەوە توانای نەبووبایە، نەیدەتوانی ئەمانە بۆ خۆی رابکێشێت، کەواتە لەناو پارتی توانایەك هەبووە ئیمکانیەتێکی باشی ئیعلامی هەبووە، لەگەڵ باکگراوەندێکی رۆشنبیریی باش، کە توانیویەتی راکانی پارتی دەربڕێت تا وابکات ئەمانە بێنە ناو پارتی.

**ڤین: کەواتە ئێوە بۆ ئەم کارە بەرنامەڕێژیتان کردووە؟**

**مەحمود محەمەد:** بەردەوام دەرگای پارتی کراوەیە بۆ ئەوەی خەڵك بێتە ناو پارتی، رەنگە خەڵکیش لەناو ئێمە رۆیشتبێت، بەڵام رەنگە ئەوان بەرنامەیان هەبووبێت تا لەناو پارتی خزمەتبکەن، ئێمە بەرنامەمان نییە بۆ راکێشانی خەڵك.

**ڤین: لەم ماوەیەی دوای لە رۆژنامەی هاوڵاتی ئەمە وروژێنرا کە دوای بارزانی لەناو پارتیدا دەسەڵات بۆ کاک نێچیرڤان‌و کاک مەسرور بۆ کێیە، بەڵام ئەمە لەناو خودی پارتی پێشوازی لێنەکرا؟**

**مەحمود محەمەد:** ئەمە پەرچەکردار نەبوو، بەڕاستی لەناو پارتی ئەم مەسەلەیە باسنەکراوە، ئەمە لە بەرامبەر شتێکی تر وروژێنرا لەوەی کە هەندێك لە برایانی یەکێتیی نیشتیمانیی مەسەلەی دەسەڵاتی مام جەلال-یان وروژاند.

مەرج نییە ئەمەی لەناو یەکێتیی هەبوو لەناو پارتیشدا هەبێت، ئێمە دوو حزبی لەیەك جیاوازین، لای ئێمە هەندێك شت هەیە بەڕاستی ساغکراوەتەوە، سەرکردایەتیی پارتی کە دراوەتە سەرۆك بارزانی بە دەستێکی ئەمینی دەزانین‌و کەسێکیش لەناو پارتی کێشەی لەسەر ئەم مەسەلەیە نییە، سوپاس بۆ خوا سەرۆك بارزانی گەنجەو هیوای تەمەندرێژی زیاتری بۆ دەخوازین، بۆیە هەر بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەم کێشەیە چۆن چارەسەردەبێت.

**ڤین: خۆ گەنجی مەرجی ئەوە نییە کە خەڵک قسە لەسەر ئەم بابەتە نەکات؟**

**مەحمود محەمەد:** زەرور نییە بۆ کەسێك کە لە ژیانی خۆیدایە تۆ خەلیفەی بۆ دیاریبکەیت.